# نەخێر، هەرگیز باوەڕ ناکەم

(١)

نەخێر، هەرگیز باوەڕ ناکەم
چرکەیەك بێ تۆ ژیابم.
ڕێی تێ ناچێ،
بێ کووژەکەی دلۆڤانیت،
بە دۆزەخی ئەم عومرەدا
ڕەت بوویم و هێشتا مابم!

* * *

کە منداڵ بووم،
گەر تۆ دەستت نەگرتبام،
چۆن دەمتوانی پێرەوکە بم؟
درەنگتریش،
بۆ تۆ نەبا،
من کەپرۆکەم بۆ کێ دەکرد لە چیلکەدار؟
بۆ وەك نۆما،
بە پێی پەتی،
دەشتم تەی دەکرد سەروخوار؟

ئەگەر شیعریش
ئادگاری وەك تۆ نەبایە...
وەك تۆ نەبایە کتومت،
چۆن ئەو هەموو باڵدارانە،
دادەبارینە سەر زمان؟
چۆن یەکەم دێڕ شیعرم دەگوت؟!
نەخێر، هەرگیز باوەڕ ناکەم
چرکەیەك بێ تۆ ژیابم.
دەتناسمەوە :
لە تۆفانی شەستوسێدا
تۆ بووی... شەوێك
بەرەو شاخ بووی بە ڕێنمام...

تۆ بووی لەناو ئەڵقەی گڕدا
شیعرەکانت چەپاڵە دام.
تۆ بووی خەونت بۆ زین کردم،
ڕەشمەی بروسکەت لە مست نام.

دەتناسمەوە:
هەر جارێکی کەوشەنێکم پەڕاندبێ،
لەگەڵما بووی هەنگاو هەنگاو.
تۆ بووی مۆتەی ترست دەکوشت،
دنەت دەدام بۆ ناو ئاگر، بۆ ناو گەرداو.

دەتناسمەوە:
لە هەر جێیەك گرماندبم،
تۆ چەخماخە و گەواڵە بووی
لە سەرمدا.
ئەتۆی کاڵای
ئاو دامانی گوللەبەند بووی
لە بەرمدا.

نەخێر، هەرگیز باوەڕ ناکەم
چرکەیەك بێ تۆ ژیابم.
ڕێی تێ ناچێ،
بێ کوژەکەی دلۆڤانیت،
بە دۆزەخی ئەم عومرەدا
ڕەت بوویم هێشتا مابم!

(٢)

من پێش تۆ هاتمە دنیا...
تا گیانی خۆم تەیار کەم
بۆ گۆڤەندی ژوانی تۆ

تا بێتۆیی بچێژم،

هەر ساتێکی بینینت
بۆ من ببێتە پەرجۆ
* * *
من پێش تۆ هاتمە دنیا :
تا عومری گوڵ درێژتر،
گڕی ئاگر پەتیتر،
تەمی خەم تەنکتر کەم
تا فێر بم، بە ئاسانی،
لە سەر سنگت سەوز بم،
تۆ لە خۆمدا بزر کەم!
* * *
من پێش تۆ هاتمە دنیا
تا وابکەم کارمامز
چیدی نەسەنگرێنەوە
لە ئاوایی و دەراوان.
تا وا بکەم تەیروتوار
جێی چینەیان ناولەپ بێ و
نەکەونە تەپکە و داوان.
* * *
من پێش تۆ هاتمە دنیا:
تا بتوانم، ئازیزم،
هەر کاتێ ئارەزوو کەی،
ئەستێران وەك مۆم پێکەم،
لە تووکی نەرمی مەلان
جێژوانێکت بۆ چێ کەم.
* * *
من پێش تۆ هاتمە دنیا :
تا چاوی خۆم ڕابێنم،
لە تۆفانی ڕەنگاندا
ئادگارت هاوێر بکا.
تا گوێچکەی خۆم فێر بکەم،
لە باهۆزی دەنگاندا
سرتەت گوڵبژێر بکا.

*   *   *

من پێش تۆ هاتمە دنیا:

تا بۆ نۆتەی لەشی تۆ

مووبەمووم هەمووی ژێ بێ.

تا شایانی ئەوە بم،

کلیلی تەخت و تاجی

خۆشەویستیی تۆم پێ بێ!

١٩٩٦/١٠/٢٩ هێلسنکی